Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.119623

# پەیوەندی ناو بە جەستەوە لە ڕۆمانی کوردیدا

**محەمەد ئەحمەد سەعید[1] ، ئاهەنگ شەفیق محەمەد[2]**

1 زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زمان، بەشی بەشی کوردی

2 زانکۆی سلێمانی , کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی , بەشی کوردی

**پوختە**

وەسفکردنی ڕوخسار و شێوەی کارەکتەری ناوڕۆمانەکان دەستکردی جیهانی تایبەتی و بیروتێڕوانینی تایبەتی ڕۆماننوسن، هاوشێوەیان نامۆتر لەنموونەکانی ژیان کەسایەتیەکان لەپێناوی گەیاندنی بیرومەبەستی دیاریکراودا وەسفدەکرێن، هەربەوجۆرەش ناوی تایبەتیان بۆ دادەنرێت.

ڕۆماننوس وەسفی سیما و ڕوخسار و کەسێتی و خۆڕەوشت و هەڵوێستی تایبەتی کارەکتەرەکانی دەکات بۆکۆمەڵێك دەستەواژەی سەرنجڕاکێش، بەجۆرێك لەگەڵ ناوەکەیدا ڕێکیاندەخان ، زۆرجار ئەم وەسفانە لەزۆر لایەنەوە سەرنجیان ڕادەکێشن و بەچەندین واتا لێکدەدرێنەوە بێگومان خوێنەری هەر ڕۆمانێك بەدیدو تێڕوانینی جیاوازەوە هێندەیتر پەیوەندی نێوان ناوی کارەکتەر و جۆری وەسفەکان شی دەکەنەوە.

جۆری وەسفکردنی کارەکتەرەکان لەڕێگەی ناوەکانیانەوە، ڕەنگدانەوەی باری تایبەتی دەروونی ڕۆماننوسن بەپێی ئەو ژینگەیەی تیایدا پەروەردە بووە، سەراپای جیهانی ڕۆمانەکە دەخوڵقێنێت ، جۆری بیرکردنەوە و چۆنیەتی تێڕوانینەکانی بۆ ژیان وهەڵوێستی تایبەتی ڕۆماننوس دەخەنەڕوو.

***Article Info***

Received: March, 2019

Revised:March,2019

Accepted: May ,2019

***Keywords***

ڕەبۆ، ئاووهەوا، سلێمانی، نەخۆشی

***Corresponding Author***

mohammed.saeed@univsul.edu.iq

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەکەمان بریتی‌یە لەوەرگرتنی بەشی تەوەرێك، لە تێزی دکتۆرای خوێندکار بە ناونیشانی (گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خواروو ساڵانی ((1995 - 2005))، کە لەدوو بەشدا دەبینرێتەوە:

### بەشی یەکەم:

بریتی‌یە لە ئاماژەدان بە گرنگی و ڕۆڵی وەسفکردن لە پێشکەشکردن و خستنەڕووی کارەکتەردا، بەو پێیەی وەسفی ڕۆماننووس دەبێت بە هۆکارێك، کە ڕۆماننووس بۆ کارەکتەرەکەی دەکات، لەڕووی وەسفێکی کورت یاخود دوور و درێژ. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو وردەکارییەکانی وەسفی جەستەیی لەڕووی پێکهاتن و شێوازی تایبەتی ئەو کارەکتەرەوە دەخاتە ڕوو لای خوێنەر بەرجەستەی دەکات.

### بەشی دووەم:

لەم بەشەدا هەوڵمانداوە، پەیوەندی ناوی کارەکتەر و چۆنێتی وەسفکردنی جەستە بخەینەڕوو، هەروەها چۆنێتی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و تەنانەت بیروباوەڕ و پیشاندانی مەیل و ئارەزووە تایبەتەکانی کارەکتەر باسکراوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆمانوس ناوەکان تەبا و گونجاو دەکات لەگەڵ ئەو وەسفەدا، کە بۆ کارەکتەرەکەی دەکات. هەندێك جاریش لە پەیوەندی نێوان ناو و جەستەدا دژیەکییەك هەیە و وەسفەکان بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەوەیە لەکارەکتەردا. لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی ناو بەجەستەی (مرۆڤ، سروشت، ئاژەڵ) خراوەتە ڕوو. دواتر بۆ

**لایەنی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەمان ڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف) و رۆمانی (جەنگ)ی (سەڵاح عمر) و رۆمانی (مەرگی تاقانی دووەم)ی (بەختیار علی) و رۆمانی (حەسارو سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حسن) وەك نمونە وەرگیراون.**

## بەشی یەکەم : رۆڵی وەسفکردن لەخستنەڕووی جەستەی کارەکتەردا:

**لەڕێگای وەسفکردنەوە رۆماننووس هەوڵ دەدات کارەکتەرەکانی بە خوێنەر بناسێنێت، لەڕووی روخسارو ناوەڕۆك و سیفاتیانەوە، وەك وەسفکردنی ئەندامەکانی جەستە و لەش و لار و چۆنێتی رەنگ و روخسارو جل و بەرگ و حەزو خولیا و ویست و ئارەزوو، هەروەها رەفتار و هەڵسوکەوت و چۆنێتی بیرکردنەوە و باری سەنجیان بۆ ژیان، بەهەردووجۆری وەسفی کورت یاخود دوورو درێژ. چۆن و کەی بەگرنگی زانی کارەکتەرەکانی دەخاتە روو، بەپێی روڵیان لەناو رەوتی روداوەکان و دروستکردنی کێشە و ململانێدا دەربارەیان دەدوێت.**

**بۆ ئەم خستنە رووە هەندێکجار لەگەڵ ناوهێنانی کارەکتەردا، کورتەیەك دەربارەی ژیان و چۆنێتی بیرکردنەوە و ئاستی رۆشنبیری و خوێندەوەری و چۆنێتی گوزەران و بیرو باوەڕیان - ئاینیان، بەچەند دەستەواژەیەکی کورت و پوخت دەخاتە روو، هەندێك جاری تریش بەوەسفێکی دوورو درێژەوە دەربارەی کەسێتی و ژیانی دەدوێت.**

**لێرەدا رۆڵ و بایەخی کارەکتەر و سنووری دەسەڵاتی لەناو ڕوداوەکاندا دیاری دەکات کە پێویستی بەچی جۆرێك شێوازی پێشکەشکردن هەیە، وەك وەسفی زوو یان درەنگ، کورت یان دوورو درێژ، کەم و کورت یان وەسفی ورد و تەواو.**

**خستنەڕووی روخسار و جەستە و بیر و تێڕوانینی کارەکتەر، بەجۆرێك لەجۆرەکان تاڕادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی ژیان و چۆنێتی سەرنج و باری دەرونی نووسەرن، بەوپێیەی کارەکتەرەکان لەسەر دەستی ئەو هاتوونەتە بوون و چۆنی ویستبێت بەو جۆرە دروستی کردوون..**

**دەربارەی گرنگی وەسفکردن و سروشتی بوون لەدەقدا (حسێن عارف) دەڵێت: ((وەسف تەنها کار لەسەر دیوی دەرەوەی روداوەکان ناکات، بەڵکو کاتێك وێنەی کارەکتەرێك نیشاندەدرێت، نووسەر دەچێتە ناخی دەروونی کارەکتەرەکانەوە، ئەو راز و نیازانە دەخاتەروو کەلەبەر هەر هۆیەك بووبێت ........، بەکورتی ئەو پەردەیە لادەبات کەبەسەر زۆر لە نهێنییەکاندا دادراوەتەوە لە کون و قوژبنی دەروونیدا شاردونیەتیەوە، چونکە ئەو رازو نیازانە لە رێگای هەڵسەنگاندن و دارشتن و قسە و گفتوگۆی سەر زارییەوە ناخرێنە روو، بەڵکو پێویستیان بە وردکردنەوەی باری دەروونی کەسەکەوە هەیە)[1].**

**سەبارەت بە گرنگی وەسفکردن و رۆڵی لەخستنەڕووی باری دەروونی و رەفتار و جەستەی کارەکتەردا، (رەسوڵ حەمەد رەسوڵ) دەڵێت: ((وەسفکردن ئەرکی راڤەییە، لێرەدا کۆپلە وەسفیەکانی ناو ڕۆمان مەودای کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویان هەیە و لەڕێی ئەوانەوە ئاستی رۆشنبیری و هەڵوێستی سیاسی و رەوشت و رەفتاری کارەکتەرەکان روندەکاتەوە، هەروەها جیاوازی بیروڕایان دەخاتە ڕوو[2].**

**زۆرجار کێشە و ململانێکان قوڵبوونەتەوە بەناو روداوەکاندا، بەجۆرێك لە جەنجاڵی ئاڵۆزی لای خوێنەر دروست دەکات، نووسەر بۆ دەربازبوون لەم بابەتە پەنا دەباتە بەر وەسفکردنی کەسایەتیەکان و ئەو جیهانەی تێیدا دەژین. ئەمەش بەجۆرێك لە ((پشوودانێك و حەسانەوەیەکی بەتام و چێژە بۆ خوێنەر، تاوەکو تین و گوڕی زیاتری پێ ببەخشرێت، توندتر پەلکێشی ناو دنیای ڕۆمانەکەی بکاتەوە)[3]. لێرەدا نووسەر وەکو لایەنێکی هونەری و تەکنیکی ڕۆمان سوود لە وەسفکردن دەبینێت.**

**جۆر و چەندێتی و چۆنێتی وەسفکردنیش بەندە بەو زمانەوەی کەوەسفەکەی پێدەکرێت و دەبێت وشەکانی گونجاو و شیاوبن و لەشوێنی خۆیاندا پڕاوپڕ مانا بەدەستەوە بدەن و لەئاستی سەر و خۆشیاندا ڕۆڵ ببینن لە دروستبوونی دەستەواژەی پڕواتا و سفت چنین و ڕایەڵەی نێوانیان سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، رۆڵی گرنگ دەبینێت لەبەرجەستەبوونی وێنەکاندا – وێنەی کەسێتییەکان.**

**چۆنێتی خستەڕووی کارەکتەر لە رۆماندا، تەنها بە وەسفکردنی جەستە یان خستنەڕووی هەموو لایەنەکانی پێك نایەت، ئەمەش هەندێک جار بەهۆی ناو و نازناوەوەیە، هەروەها بەهۆی ئەو وەسفانەوە کەلەگەڵ ناوەکەیدایە لامان ئاشکرا دەبێت. هەموو کەلێن و لایەنی دەروونی دەکەوێتە ڕوو، هەندێك جاریش بەهۆی نازناوەکەیەوە یان تەنها ناوهێنانی وەك ناوێکی لێکدراو، رۆڵی لەگۆڕانکارییەکاندا دەردەکەوێت کەبەسەر روداوەکاندا دێت، چونکە ((کەسێتی تەنها بریتی نییە لە جەستەیەکی نیشاندراو، بەڵکو دەبێت کەسێتییەك بێت لەناخەوە بەرەو بونیادی دەرەکی نیشان بدرێت))[4].**

**لەڕووی گرنگی وەسفەوە بۆ بەرجەستەبوونی وێنەی کارەکتەر و ناساندنی بەخێنەر (جەلال ئەنوەر سەعید) دەڵێت: ((وەسفی کارەکتەر و پیشاندانی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژی، لەهەر رۆمانێکدا گرنگی خۆی هەیە، ......، خوێنەر دەیەوێت وێنەیەك بۆ**

[1] حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا (سالانی 1955-1988)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل64.

[2] رەسوڵ حەمەد رەسوڵ، جیهانبینی لە رۆمانی کوردیدا، کرمانجی خواروو (2000 -2010)، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013، ل(66-65).

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل64.

[4] بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (1995-2005)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەریا، 2012، ل123.

کارەکتەر دروست بکات، خۆی و کردارەکانی ببینێت و لەهەمان کاتیشدا قسەی لەگەڵدا بکات)) [5].

هەر بەوجۆرە بۆ ئاماژەدان بەبوونی گرنگی وەسف و شێوای وەسف لە رۆمانی کۆن و نوێدا (جەلال ئەنوەر سەعید) دەڵێت: ((ساکارترین شێوە بۆ وەسفی کارەکتەری رۆماننووسە کۆنەکان بریتیبوو لە وەسفی جەستە و کورتەیەك لە ژیانی کارەکتەرەکان، زۆرجاریش جل و بەرگ نیشانەیەکی باش بووە ب دەرخستنی کارەکتەرەکەو چینەکەی و ئاستی ژیانی، ....... بەڵام لەرۆمانی نوێدا کێشانی وێنەی کارەکتەر پەیوەندی بە لێهاتووی نووسەرەوە هەیە،........ بۆیە وەسفی کارەکتەر بەوە دیاریکراوە کە وتارێکی کورتە و وەسفی ئەو تایبەتمەندییە دەکات کە هەر نمونەیەکی کۆمەڵایەتی پێ دەناسرێتەوە، وەك پیسکەیەك یان خواردەیەك)) [6]. لەبەر ئەوەی کارەکتەرەکانی ناو رۆمان هەمیشە وابەستەی ژیانن و بوون و کەسێتیان بەهۆی رەفتار و جوڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا دیاری دەکرێت، بینین و فراوانبوونی رووداوەکان، بەجۆرێك دەخرێتە روو هاوشێوەی واقیع بێت و رەنگدانەوەی ژیانی نووسەر بێت، هەربۆیە وەسفکردن لە رۆماندا پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات، لەم رووەوە (د.کمال میراودەلی) دەڵێت : ((بەهۆی رەنگدانەوەی واقیع لەرێبازە ئەدەبی و هونەری و مێژوویە جۆر بەجۆرەکاندا بۆمان روونەبێتەوە تا چ رادەیەك هونەر لەگەڵ ژیان و مێژوو و خواست و هەست و نەستی سەردەمەکەیدا یەکدی گیرە)) [7].

رۆمانیش وەك رەگەزێکی ئەدەبی و هونەری لەبەر ئەوەی وێنەکانی ژیانی تێدا رەنگ دەداتەوە، رۆماننووس وەسفکردن دەکات بەهۆکارێك، هەتا بەهۆیەوە ورد و درشتی مەبەست و ئامانجەکانی وێنە بکێشێت، لەم رووەوە (محمد مەنتك) چەند وەسفێك بەپێی رێبازە ئەدەبییەکان دیاری دەکات و دەڵێت: ((لە رۆمانی کۆندا زۆر گرنگی بە وەسفی کارەکتەر دەدرا، بەشێوەیەك وەسف دەکرا خوێنەر ئاگاداری تەنانەت رەنگی چاویش دەبوو، ...... لە قوتابخانەی رۆمانتیکیشدا رۆماننووسان وازیان لەوەسفی دەرەوەی کارەکتەر هێنا، زیاتر بایەخیان بە ناخ و کێشە و ململانێ دەروونیەکانی دەدا، ئەمە بەتایبەت لە رۆمانی (شەپۆلی هۆش)دا بەدیارکەوت،....... بەڵام لە رۆمانی نوێدا کارەکتەر لەهەموو پێگە کۆمەڵایەتی و مێژووی و وەسفەکان دابڕێنرا، تەنانەت بەیەخ بە ناوی کارەکتەریش نادرێت، وەکو لە رۆمانی (کافکا)دا، ئەژەڵ و گیانداران بوون بە کارەکتەری رۆمان، وەکو لە رۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی (جۆرج ئۆرۆیل)دا)) [8].

بەهۆی ئەو گرنگییەی وەسفکردن لەناو رۆماندا هەیەتی، خوێنەر هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ وەسفەکاندا ئاوێزان دەبێت و بەرەو ئەو جیهانە دروستکراوە دەچێت کە رۆامنووس دایمەزراندووە و نەخشەی کێشاوە.ئاشکرایە نووسەر چەندین جۆر وەسف دەکات (وەسفی ورد و وەسفی درشت) ئاماژە دەدات بە وردەکاری هەموو رەگەز و بنەماکانی رۆمانەکە، بەڵام وەسفی کارەکتەر و خستنەرووی جەستەیی، کەکاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە لەهەموو وەسفەکانی دیکە زیاتر بەرەو رووی دەچین و گرنگی پێدەدەین، بەتایبەتی ئەو وەسفانەی بەهۆی ناوی کارەکتەرەوە دەخرێتە روو.

## بەشی دووەم : پەیوەندی ناو بە جەستەی کارەکتەرەوە:

رۆماننووس وەسفی کەسێتی و روخسار و هەموو تایبەتییەکی کارەکتەرەکانی دەکات، بەکۆمەڵێك وشە و دەستەواژە بەپێی ناوەکەی، زۆرجاریش نازناوی. هەوڵدەدات گونجاندن و تەباییان بپارێزێت، وەسفەکان بەهەر جۆرێك بن، دەربڕی جوڵە و رەفتارو هەڵسوکەوتی کارەکتەرن، زۆرجار وەسفی جەستەش دەبێت بە مەبەستی سەرەکی، لەگەڵ هەر ناوهێنانێکیدا چەندین لایەن لەجەستەی کارەکتەر دەردەکەوێت، زیاتر بەهۆی وەسفی روخسارەوە بەرجەستە دەبێت کەلەوەسفی ئەندامەکانی تری جەستە زیاتر بەکاردێت.

بەهۆی سەرنجدانمانەوە لە ناوەکانیان و تێروانینمان بۆ چۆنێتی هێما و جوڵەکانی روخسار و جەستەیان بەگشتی و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ ناوەکانیاندا، دەبن بە ناسنامەی تایبەتی ئەو کارەکتەرەی کە نووسەر دەیەوێت بیخاتە روو، بەهۆیەوە مەبەست و پەیامی خۆی پێ بەرجەستە بکات، ئەو پەیامانەی رەنگدانەوەی چەندین بەهای مرۆڤایەتی بن بەگشتی، یان مەبەستێکی تایبەتی و گرێی دەروون و ناخی نووسەربن.

ئەو مەوداو لایەنانەی نووسەر دەیەوێت بەهۆی کارەکتەرەوە بیخاتە روو، سەرجەمیان لایەنە ئاشکراو شاراوەکانی دەروونی کارەکتەرن وبەپێی رەوتی رووداوەکان زیاتر دەردەکەون. زانینی ئەم لایەنە جیاوازانە بەگشتی بەهۆی ناوەوە زۆربەی جار بەرجەستە دەبن و لە هەڵوێست و مامەڵەیاندا رەنگ دەدەنەوە و بە کارەکتەر سازی ناو دەبرێن [9].

لەم رووەوە ((کەسێتی سازی بەرهەمی کۆی ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤێکە، هەموو ئەو شتانەی بتوانرێت بە وردی لەژیانی کەسێکدا بزانرێت: تەمەن، رادەی هۆش، رەگەز، مەیلی سێکسی،

---

[5] جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێرانەوە لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی (ئیبن رۆشد)، زانکۆی بغداد، 2006، ل81.

[6] جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێرانەوە لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، ل81.

[7] د.کمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، (ئیستاتیکا)، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، 2005، ل210.

[8] محمد مەنتك، تەکنیکی فرە رەنگی لە رۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو) ساڵی (2000-2010)، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، 2013، ل(161-163)

[9] لەرێگای ناساندنی کارەکتەرەوە بەرەو پەیوەندی ناوو جەستەی دەچین، لەبەر ئەم هۆکارە بەپێویستمان زانی ئەم لایەنە روون بکەینەوە.

شێوازی قسەکردن، ڕەفتاری بەرامبەر بە ماشێن و جل و بەرگ، ئاستی خوێندەواری و پیشەیی، باری دەروونی و توڕەیی، بەهاو بیرەکانی، واتا تەواوی ڕووی مرۆڤێك))[10].

لەڕێگای ناسیکی کارەکتەرەوە و ئاشنابوون بە هەموو لایەنەکانی ژیانی و وابەستەکردنیان بە ناوەکانیانەوە، دەبن بە مایەی سەرنجی خوێنەر و وەسفەکان کاملتر دەکەن. بێگومان هەموو لایەنەکانی کەسێتی کارەکتەر پەیوەستن بە وەسف کردنیانەوە – چۆنێتی و چەندێتی وەسف – لەڕووی دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمان و شێوازی وەسف کردنەوە، بۆ نمونە بوونی جەستەی تەواو یان کەم ئەندام لە کارەکتەرەکاندا، دەربڕی دەروون و لەگەڵ پێشهاتەکانی ژیانیدا دەکات، لەهەمان کاتدا دەوروبەر و کۆمەڵەکەی چۆن مامەڵە و ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن. هەموو هەست و نەستەکانی وردی وەسفەکان پێویتی بە دەستەواژەی گونجاوە بۆ بە واقیع کردن و ئاوێتەکردنی وێنەکان بە وێنەکانی ژیانەوە.

لەبەر ئەوەی ناوی کارەکتەر دەبێت بە ناسنامە یان ڕەفتار و جوڵە و چۆنێتی جەستەیان لە ڕووی پێکهاتنەوە پێ دیاری دەکرێت، ڕۆماننووس ((گروپێك وشە دروست دەکات، ......، ناوی دیاریکراویان دەنێت، ڕەگەزی دیاریکراویان پێ دەبەخشێت، جوڵە و ڕەوتی قابیلی قبووڵیان پێ هەڵدەگرێت، وایان لێ دەکات لەڕێی ئەو دەستەواژانەی لەنێوان دوو برۆیاندا جێگەیان دەبێتەوە، قسە بکەن))[11].

لێرەدا ڕۆڵی جەستە تەواو بەرجەستە دەبێ، بە ئاشکرا هێماکانی جەستە و جوڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەر دەبێت بە دەرخەری هەست و نەست و هەڵوێستی. بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەری، جەستە ((وەك هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و لەپێناو ژیانەوە و نواندنی کردەوەکاندا بەکارهاتوون))[12].

ناوی مرۆڤ چەندین مانا لەخۆ دەگرێت، وەك ڕەمز و هێمایەك ((لەڕووی زانستی سیمۆلۆجیا –Simologia- علم الدلالة – وە، ناوی مرۆڤ وەك هێمایەکی زمانی لە قۆناغێکی دیاریکراودا پەیوەستە بە شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زمانییەوە...... لەناویاندا بەشێکی سەرەکی بۆ جووڵەی جەستە تەرخانکراوە، وەك هێمایەکی زمانی، جەستە دەکەوێتە هێما پەخشکردن و ئیشارەتدان، کە هێمایەکە لەکات و ساتێکی دیاریکراودا هەڵگری لێکدانەوەی تایبەتی خۆیەتی، وەکو هێما و ئیشارەتەکانی چاو، کەوەکو کۆدێکی زمانی هەڵگری واتای تایبەتن لەناو زانستی سیمۆلۆجیادا، لێکدانەوەی زمانیان بۆ دەکرێت[13] ))

هەروەها لێکۆڵەری دەروونی (دەیڤید فیگلیۆ) لە زانکۆی (Illinois)ئەوەی خستووەتە ڕوو، کە ((ناوی منداڵ کاریگەری لەسەر ژیانیان دەکات، تا کۆتاییەکانی تەمەنیان بەرەو باشتر یان بەرەو خراپتر لەوەی کە هەن، واتا کاریگەری ئەم ناوانە لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دەردەکەوێت، بۆ ئەمەش ناوی چەندین کەس لەبەڵگە ناوەکانی لەدایکبوونیان – لە دایك و باوکەکانیانی وەرگرتووە – لەوەوە جوڵەی جەستە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتوو چۆنیەتی دروستبوونی جەستەیانی دیاریکردووە و کاریگەری ئەم ناوانەی بە وردی تۆمارکردووە، لەساڵە جیاوازەکانی تەمەنیاندا))[14].

هەرلەڕوانگەی زانستی سیمۆلۆجیاوە، (د.سمیر الزغبي) دەربارەی بەرجەستەبوونی وێنەکانی ڕوخسار و جەستەی مرۆڤ و پەیوەندیان بە ناوەکانیانەوە ئەوەی خستووەتە ڕوو ((هەریەکە لە وێنە جۆربەجۆرەکانی جەستەی مرۆڤ، لە هەموو بارودۆخێکی ژیانیاندا، لەژێر کاریگەری ناوەکانیاندا شێوازی جیاواز وەردەگرن، وەکو بەرچەکردارێکی لەخۆوە نییە بۆ ڕووداوەکان، بەڵکو ناوەکانی جەستە دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، هەروەك چۆن مرۆڤ لە میدیاکاندا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لەبواری هونەردا و ....دا، جەستەی شێوازی ڕەفتاری جیاوازی پێوە دیارە، بەم جۆرە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا کارەکتەرەکانی تەواو لەژێر کۆنترۆڵ و کاریگەری ناوەکانیاندا هێما و ئیشارەت پەخش دەکەن))[15].

هەر بەو جۆرە (د.سمیر الزغبي) ڕاو بۆچوونی (ڕۆلات بارت) دەخاتە ڕوو، سەبارەت بە کاریگەری ناو لەسەر جەستەی مرۆڤ، ئەم وێنانەی مرۆڤ ((نامەیەکن جەستەی مرۆڤ وەك کۆگا و کانگایەك وایە و لەوێوە پەخش دەکرێن بە کاریگەری ناوەکانیان، بەتایبەتی ڕەخساری مرۆڤ – کە بەرامبەرەکانیان لێیان وەردەگرن))[16].

هەروەها زۆربەی سەرچاوەکانی بواری سیمۆلۆجیا، ئەوە دوپات دەکەنەوە کە هێماکانی جەستە وەکو ڕەمز و نیشانەیەکی زمانی تێ دەڕوانرێت، بەکاریگەری ناوەکان مرۆڤ بێئاگایانە – لا شعوری – ڕەفتار دەکات، لەژێر کاریگەری مانای ناوەکانیدا، جەستە جۆرە وەڵامدانەوەیەك وەردەگرێت دەبێت بە ڕەفتارێکی هەمیشەیی، بەپێی بارودۆخی جیاواز[17].

ڕەفتارەکانی مرۆڤ و هێماکانی جەستەی هۆکارن بەرامبەر چۆنێتی بیرکردنەوە و سەرنج و تێڕوانین و پەروەردە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ژیری و ڕادەی ڕۆشنبیری و ئاینی و ......هتد، مرۆڤ تێیان دەگات و

---

[10] بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، ل122.

[11] سەرچاوەی پێشوو، ل120.

[12] ئەرستۆ، پۆیەتیکا، وەرگێڕانی د.محمد کمال، چاپی یەکەم،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەرەم، 2010، ل16.

[13] محمد غرافي، قراءة في سیمولوجیا البصریة، 2017/8/21، www.aljabriabed.net .

[14] Michael Headric, How your names shape your identity. http://ar.wikipedia.org

[15] د..سمیر الزغبي، سیمولوجیا الصورة الاشاریة، www.m.ahewar.org .

[16] هەمان سەرچاوە.

[17] بۆ ئەم بابەتە سوودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.
- http:// ar.m.wikipedia.org
- www.semiodirection.finalmente.com

كەم و زۆر ئاشنایان دەبێت، لەهەر بارێكدا بەناوی خۆی كاریگەر دەبێت و دەبێت بە بەشێك لە كەسێتی.

ئەو هێما و ئیشارەتانەی كە ڕۆماننووس بە ویستی خۆی دەیكات بە ناو و ناسنامەی تایبەتی كارەكتەرەكانی و بە ویستی خۆی رەفتاریان پێ دەكات، زۆربەیان بەهۆی كاریگەری ئەدەبی فۆلكلۆری و زانستی میسۆلۆجیاوەیە، هەربەكە لە ڕەمزەكان و جوڵەكانی جەستەش، كە بەشێكن لە زانستی واتا – سیمۆلۆجیا - ، ئەو زانستەی لە ڕەمزەكانی ژیانی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە بێگومان زانستی میسۆلۆجیاش دەربارەی ئەفسانە و بیر و تێڕوانینی كۆنی مرۆڤە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین كاری ڕەمزەكانی ئەفسانەكان لەسەر بوارە جۆر بەجۆرەكانی كۆمەڵ و بیری كۆمەڵ ڕەنگی داوەتەوە، وەكو تێگەیشتن و ژیری و بیری كۆمەڵایەتی، هەروەها بیر و باوەڕی ئاینی و داب و نەریت و ....، هەر بەو جۆرە كاریگەری لەسەر ئەدەب بەگشتی وەكو جۆرەكانی قوتابخانە و ڕێباز و تەوژمە ئەدەبییەكان كردووە. بەو پێیەی ڕۆمانیش هونەرێكی ئەدەبییە زۆر لەو پەیڕەوە كۆمەڵایەتیانە و ئەو ڕەمزانەی پێی ئاشنایە بۆ دەربڕینی پەیڕەو و داب و نەریتەكان، چونكە خۆی بەشێكە لە كۆمەڵ، دەگەین بە ئاشنابوون بە ئاستی هونەری و تێگەیشتن لەبیری تایبەتی ڕۆماننووس لەشیكردنەوەی هێماكاندا. بە واتایەكی تر بەهۆی زانستی سیمۆلۆجیاوە لەهەموو نهێنی و شاراوەییەكانی ناو دەق ڕۆمان تێدەگەین، كە جۆرێكن لە ڕەمز و هێما (سیمۆلۆجییەكان) كە جەستە دەیاننوێنێت.

ڕۆماننووس هەندێجار بۆ كێشانی وێنەی جەستەی كارەكتەرەكانی (جەستەی سروشت) بەكاردەهێنێت، كە بەشێكە لە شوێن، لە ڕۆماندا شوێن فرە لایەنە، سروشتیش وەك بەشێك دەبێت بە گوزارشت لە كەسێتی كارەكتەرەكانی، شوێن دەكرێت بە بنەما و لەوێوە وەسفی جەستە و وەسفی هەموو پێكهاتەكانی تری دەق دەكرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (هێلانە)دا، نووسەر سەنگی قورسایی خستۆتە سەر شوێن و لە وەسفی ئەم جەستەیەوە جەستەی كارەكتەرەكانی دەخاتە ڕوو، چونكە ((شوێن لە ڕۆمانی هێلانەدا بووەتە خاوەن دەسەڵات لەبەرهەم هێنانی كارەكتەر و ڕووداوەكاندا، گێڕانەوەی دایەلۆگ و وەسفی بەرهەم هێناوە)) [18] .

واتا بەهۆی وەسفی گشتییەوە وەسفی تایبەتیمان بۆ دەردەكەوێت و وێنەی جەستەی ئەو كارەكتەرانە، لەژێر كاریگەری سروشتدا – شوێن – بنیادنراون و بەشێكن لەو.

زۆرجار بەهۆی ناوەڕۆك و بابەتی ڕۆمانەكەوە، ناوی كەسایەتییەكان و بنیاد و بیر و هەڵوێستیان بەو جۆرە دەبێت و ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتەن كە دەخرێتە ڕوو. لە وشەوە جەستە و جۆری پێكهاتە و ڕوخساریان دیاری دەكرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی ئەفسانەییدا، كارەكتەرەكانی نموونەی هێزی سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤن و دروستكراوی خەیاڵیین، لەبەر ئەوە دەبێت نا ئاسایی بخرێنە ڕوو، لەڕووی ناو و وەسفی جەستە و وردەكارییەكانی ڕوخساریانەوە.

هەندێكجاریش ڕۆماننووس جەستەی كارەكتەرەكانی بە كاریگەری ناوەكەیەوە دیاری دەكات و وێنەی دەكێشێت، هەروەها ڕەهەندی دەروونی و كۆمەڵایەتیان دەداتێ و ناوەكان بۆ دەرخستنی زۆر لایەنی ژیان بەكاردەهێنرێت،((هەروەك – أحلام مستغانمي – لە ڕۆمانی- ذاكرة الجسد – دا، ناوی كارەكتەری (حیاة) كە ئافرەتێكە دەگۆڕێت بۆ (أحلام)، باسی ئافرەتێك دەكات لەژێر كاریگەری دەسەڵاتی فەرەنسیدا لە جەزائیرەوە دەڕوات بۆ دەرەوەی وڵات، دوای ئەوەی باوكی شەهید دەكرێت، بەپێچەوانەی ناوەكەیەوە كە (حیاة)ە، هەموو سیما و خەسڵەت و مافێكی لێسەندراوەتەوە)) [19] .

هەر بەو جۆرە ((لە وێنەی كارەكتەرێكی تردا بە ناوی "خالید"ەوە، لە جەنگەكەدا دەستی دەپەڕێت، بە نەمری وەكو قارەمانێك وێنەی دەكێشرێت، لەگەڵ ناوەكەیدا جەستەی گونجاوە، بەڵام لەناوی "حیاة"دا پەیوەندییەكی پێچەوانەیە، بۆ سڕینەوەی مافەكانی ئافرەت و مرۆڤ بەگشتی)) [20] .

نووسەر دوو كارەكتەری دروستكردووە، بەهۆی كاریگەری شوێنی ژیانیانەوە، ناوەكانیان و جەستەیان واتایان دەدرێتێ، بەڵام دوو واتای لەیەك جیاواز، واتا (حیاة) كە مانای خۆشی و شادییە نامێنێت، بەڵام (خالد) وەك كەسێكی كەم ئەندام بەنەمری دەهێڵرێتەوە.

هەر بەو جۆرە لەڕووی زانستی سیمۆلۆجیاوە، دەنگەكانی ناوەكان، كاردەكەنە سەر جەستە و ڕەفتارەكانی دیاریدەكەن، لەبەر ئەوە ناوی كارەكتەر زۆر لێكدانەوەمان دەربارەی دەق دەداتێ ((چونكە ناوەكان هەڵگری چەندین مەبەستی شاراوەیە و نووسەر لەڕێگایانەوە گوزارشت لە بیر و بۆچوونەكانی خۆی دەكات، زۆرجار ناوەكان ئاشكران و پێویست بەلێكدانەوە ناكەن و لەگەڵ سیما و ڕوخساری كارەكتەردا دەگونجێت، هەندێكیشیان دەبێت لێكدانەوەیان بۆ بكەین، چونكە ڕوخسار و جەستە بە ئاشكرا ناخەنە ڕوو، ئەم جۆرە دەبێت گونجاوبن لەڕووی ناو و جەستەوە یان پێچەوانەبن. بەو واتایەی ناوێك مانایەكی دژی هەبێت لەگەڵ جەستەی كەسایەتییەكەیدا، یان بەهەردوو جۆری دیار و نادیار، واتا ئامادە و خەیاڵی، كارەكتەرەكان لەگەڵ ناوەكانیاندا دەخاتە ڕوو)) [21] .

---

[18] تانیا ئەسعەد محمد صاڵح، بنیادی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی كوردیدا (ئەژدیها، هێلانە)، لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری، پراكتیكی، ڕەخنەیە، چاپی یەكەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2011، ل60.

[19] هند سعدوني، قراءة في رواية ذاكرة الجسد الاحلام مستغانمي – بين أنا الكاتبة و هو البطل -، 2017/8/22، www.mokarabat.com .

[20] هەمان سەرچاوە.

[21] د.أسماء ابراهيم حسين شنقار، سيميائية الشخصية في روايات يوسف الباعي الاجتماعية، رسالة دكتوراه جامعة عين الشمس، كلية البنات للاداب و العلوم و التربية، قسم اللغة العربية و ادابها،

بەمجۆرە ڕۆڵی ناو لەگەڵ چۆنیەتی وەسفی جەستەیدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

بەهۆی ڕۆڵ و گرنگی ناو لەژیانی مرۆڤدا، لەناو ڕۆمانیشدا بەهەمان گرنگییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و وەکو ناسنامەی کارەکتەر وایە ((بەهۆی ئەو نهێنییەی هەیەتی دەبێت بەدەرخەری هەموو سیفات و خەسڵەت و حەز و ئارەزووەکانی کارەکتەر، زۆرجار ناوبانگ یان ناوی خێزان و بنەماڵە، ناوی کەسێتی دەسرێتەوە)) [22].

(ڕێبوار سیوەیلی) دەربارەی ناوی کارەکتەر و زمانی دەربڕین لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا دەڵێت: ((ئەو زمانەی وادەکات خەیاڵ ببەستێ بە واقیعەوە بەڵکو ئەم جەوهەرە پێش هەموو شتێك جەوهەرێکی زمانییە، زمان ئاستە ڕۆژانەییەکەی خۆی جێدەهێڵێت و دەبێتە هێزێك بۆ ناولێنان و دەبێتە شوێنی مانەوەی بێکۆتایی، واتا لەو کاتەدا ئاگایی بەرهەمەکە دەکەوێتە بەرگری لەخۆی، وەك بەرهەمێکی هونەری، کە تیایدا زمان ئاستە ئاڵوگۆڕە ڕۆژانەییەکەی جێدەهێڵێت و دەبێتە قەدەری بەرهەمەکە)) [23].

بەو پێیەی زمان بۆ ئاخاوتنی ژیانی ڕۆژانەیە، بەڵام لە ڕۆماندا ئەم ئاستی ئاخاوتنە بەجێدەهێڵێت و دەبێت بە ناسنامەی کارەکتەرو ڕۆماننووس وەك هۆکارێك بۆ گوزارشتکردن لە کەسێتی کارەکتەر و بۆ وەسفی جەستەیان بەکاریدەهێنێ. بەرهەمی هونەریش بە مامەڵە و جووڵەی نێوان کارەکتەرەکان و بەردەوامیان بۆ ڕووداوی ڕووداوەکان و بەرە و کۆتایی چوونیان دەبێت بە بەرگری لە بەرهەمەکە و یەکێتی دەپارێزێت. زمان وەکو لایەنێکی ڕووخساری بەرهەمەکە لەبەر گرنگییەکەی دەبێت بە هۆکارێك بۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ڕۆمانەکە. لە سنووری لێکۆڵینەوەکەماندا هەوڵمان داوە پەیوەندی ناو بە جەستەوە، لەڕووی پەیوەندی ناو بە جەستەی (مرۆڤ، سروشت، ئاژەڵ)ەوە بخەینە ڕوو.

### أ.پەیوەندی ناو بەجەستەی مرۆڤەوە:

لەبەر ئەوەی ڕۆماننووس بەردەوام هەوڵ دەدات کەسایەتیەکان – کارەکتەرەکان –ی ڕۆمانەکەی بەشێوەیەکی تەواو و سەرنجراکێش بخاتە ڕوو، ناوی کارەکتەرەکان دەگونجێنێت لەگەڵ وەسفی جەستە و خوو ڕەوشت و جۆنێتی هەڵسوکەوت و تەنانەت چۆنێتی بیرکردنەوە و هەڵوێستی تایبەتیاندا، زۆرجاریش بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەیە لە کارەکتەرەکەیاندا، بۆ نموونە (بەختیار عەلی) لە (مەرگی تاقانەی دووەم)دا، لە وەسفی کارەکتەر (سەرتیپ – حاتەم بوهرزی)دا کە یەکێك بووە لە پیاوەکانی حکومەتی بەعس، لە شەڕی ناوخۆدا، وەکو ڕەوشتی – سیفاتی – حاتەمی تەی، لە دڵفراوانی و سەخاوەتدا تفەنگی بەناو خەڵکدا دابەش کردووە، بۆ ئەوەی یەکتری بکوژن، لێرەدا ڕۆماننووس وەسفی بە پیاوێکی دڵفراوان دەکات وەك حاتەمی تەی و مەبەستیشی پێدانی سیفاتی پێچەوانەیە، هەروەك دەڵێت: ((کاتێك لەوسەری شەقامەکەوە دەرکەوتن، من زەلێکی کۆنم دەکێشا، تفەنگێك لەو تفەنگانەم لەشاندا بوون، کە لە زەمانی شەڕی ناوخۆدا سەرتیپ (حاتەم بوهرزی) بەدەستی خۆی بەسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا دابەشیکرد)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل24)

هەروەها ئاماژە دەکات بە ڕوخسارێکی جوان و گەشی منداڵێکی دوانزە ساڵان بە ناوی (سالار چاوشین) کە بەدەستی پیاوانی ڕژێمی بەعس کوژراوە و گونجاندن لەڕووی ناوو جەستەیەوە کراوە.

هەر بەو جۆرە وەسفی کەسایەتی (سلێمان قەساب) دەکات و لەگەڵ ناوەکەیدا سیفاتی ڕق و کینە و پیاوکوژی دەردەخات، کە هەروەك پیشەی قەسابییەکەی لەسەر پردی (خاسە) چەندین کەسی سەربڕیوە و درندەیی بووە بە سیفاتی بەردەوامی، جەستەشی هەمیشە بۆنی خوێنی لێهاتووە، وەك قەسابێك ، هەروەك لە ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((سلێمان قەساب بوو، کە هەر بەو کێردەی مەڕ و بزنەکانی پێ سەردەبڕین، لە ڕۆژگاری جەنگی ناوخۆدا، ئەو تورکمانانەی پێ سەردەبڕی کە لەسەر پردی خاسە لەبری ئەوەی بڵێن (برنج) دەیانوت (بیرنج) )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل31).

کارەکتەرێکی تری (مەرگی تاقانەی دووەم) – ئەحمەدی ناڵ گەورە –یە، کە گونجاندنی لەنێوان ناو و سیفاتیدا کردووە، هەرچەندە خۆی لە بنەماڵەوە کەسێکی (ناڵبەند)بووە، باوکی ناڵی بۆ ئەسپەکانی (سەهەنگ) کردووە کە پیاوێکی بەعسی بووە، لەهەمان کاتدا مانای هەڵخەڵەتاندن و فریودانی خەڵکیش دەگەیەنێت، کە تووشی گێچەڵی کردووەن لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا ((ئەحمەدی کوڕی ئەو ناڵچییە بوو، کە باوکی ناڵی بۆ ئەسپەکانی سەرهەنگ دروست دەکرد، کە شەوەهای شەو لەگەڵ کوڕەکەی تۆدا سەریان لەسەر یەك سەرین ....)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل46).

(خورشیدی جادووباز)یش یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە هاوڕێی (ئەشرەف)بووە، خاوەنی چاوێکی شووشەیی بووە، هەر ئەویش هەوڵی لەناوبردنی ئەشرەفی داوە، لەگەڵ (سەعید)ی برای ئەشرەفدا، نموونەی کەسێکی جادووگەری فێڵبازبووە، کە کەس لێی تێنەگەیشتووە، هەروەك (خورشید) خۆی دەڵێت ((بەسەر سووڕمانەوە سەیرێکی چاوە شووشەکەمی کرد، کە لەدەستمدا و لەگەڵ دوو هەڵماتی دیکەدا هەڵماقۆم پێدەکرد، پێی گووتم: خورشید کەواتە تۆ بەڕاست چاوێکت شووشەیە)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل98).

هەروەها (شێرزاد حەسەن) لە ڕۆمانی(حەسار و سەگەکانی باوکم)دا وەسفی (زوڵەیخا)ی خوشکی دەکات، کە لە پاش ناشتنی باوکیان لە گۆڕستان بە شەهوەت و حەزێکی زۆرەوە ، چاوی بڕیوەتە جەستە و لەش و لاری زێوانەکە، ئاشکرایە کوڕەکان و

---

اشراف: د.حسن احمد البنداري. www.crv4.eulc.edu.eg/eulc-v5

.

22 محمد فخرالدین، قراءة سیمیائیة في دلالة الاسم المغربي. www.maghress.com/khaba .

23 ڕێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، 2005، ل(259-258).

کچەکانی حەسارەکە لە پاش مردنی باوکیان دەرگا بۆ حەز و ئارەزووە کپ کراوەکانیان دەکرێنەوە، هەروەك دەڵێت: ((زوڵەیخای خوشکم بێ شەرمانە چاوی بڕیبووە دەستی توکنی زێوانەکە، لەوەدەمەی گەمەی بە هەردوو هێلکەکە دەکرد و سەیری ئەمی دەکرد، دواجار مانی گرت و وتی: "کاکە من تەواو..... نایەمەوە حەسارەکە.... لێرە دەبم و ئاگام لە گۆڕەکەی باوکم دەبێ")). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل57)

لێرەدا ڕۆماننووس دەیەوێت چیرۆکی (یوسف و زوڵەیخا) زیندوو بکاتەوە و ناوی زوڵەیخای خوشکی لەناوی زوڵەیخای سەردەمی (یوسف) نزیك بکاتەوە و بێگومان لەوەوە وەری گرتووە و چیرۆکێکی هاوێنەی دروستکردووە، دەبینین لە چیرۆکی یوسف و زوڵەیخادا (یوسف) بێتاوانە و زوڵەیخا لەپشتەوە پەلاماری جلەکانی دەدات، بەڵام لێرەدا زێوانەکە تاوانبار و بەدڕەوشتە ، لەکاتی ناشتنی مردوویەکدا بەوجۆرە ڕەفتاری کردووە.

ئەم باسە و هەموو ڕۆمانەکەشی، ئاماژە بە بارودۆخی کپ کردن و سەرکوتکردنی کوڕ و کچەکانی حەسارەکە دەکات، لەژێر سایەی چەوسانەوەی باوك سالاریدا . دواتر نووسەر بەوردی وەسفی (زێبا)ی خوشکی دەکات کە لەجوانی و نازداریدا ئەو ناوەی لێنراوە، هەروەك لەمانای ناوەکەدا – زێبا – واتا جوان و ناسك، هەروەك دەڵێت: ((زێبای نازدار و هەمیشە لێو بەبار و چاو بەخومار.....)) (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل24)

لە ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەڵاح عمر)دا، گێڕەرەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە برایەکی گەورەی هەبووە بە ناوی (علی)، بێگومان ئاماژەیە بە (ئیمامی علی) دەکات لە ڕووی ئازایەتی و جوامێری و ژیرییەوە، چونکە کارەساتی جەنگی یەکەمی جیهانی باس دەکات، کە خێزانێك لە ئێرانەوە هاتوون بۆ عێراق و ئێرانیش لەڕووی مەزهەبەوە شیعەن، حەز بە ناوی (علی) دەکەن بۆ نەوەکانیان، هەتا لە ئازایەتی و نەبەردیدا بچێتەوە سەر (ئیمامی علی)، هەروەك دەڵێت: ((بەهەمان شێوە ئەوەشم نەدەزانی کە برایەکم هەیە بەناوی علی و ئەویش لەلایەن جەندرمەوە ڕفێنراوە و سەر و سۆراغی نییە)). (جەنگ، ل7)

دواتر ئاماژە بە کارەکتەرێکی تر دەکات بەناوی (نەرمین) و لە ڕۆمانەکەدا بە وردی بەسی جەستە و لەش و لاری نەرمۆڵەی (نەرمین) دەکات، کە کچێکی ماڵێکی دەوڵەمەندە، هەروەك دەڵێت: ((نەرمین باڵا بەرزی قژ ئەرخەوانی،......، ئەویش باسکی شل و نەرمی بەسەردیوار و پەنجەرەکان شۆڕ نەکردبووەوە و پرچی خاوی شانە نەکردبوو....)). (جەنگ، ل12)

(سەڵاح عمر) ئاماژە بە ناوی (سەرکەوت) دەکات، کە کوڕێکی ئازا و چاونەترس بووە و هەوڵیداوە بۆ سەرکەوتن، سەرەڕای ئەوە، بەتایبەتی ئاماژەیەکی تەمەن و جەستەی دەخاتە ڕوو کە تەمەنی هەرزەکار بووە و ڕووەو سەرەوە هەڵکشاوە و بەرەو گەورەبوون چووە لەڕووی جەستەییەوە، بۆ نموونە دەڵێت: ((سەرکەوتیش وەك –علی- باڵا بەرزێکی چوارشانەبوو......، لە تافی لاوێتیدا بوو، تازە هەڵی دەدا و تازە سمێڵی دادەنا، لە هەموو ناوچەکەدا، کوڕێکی وەك ئەو کۆك نەبوو)). (جەنگ، ل79)

دواتر نووسەر ئاماژە بە (ئیسماعیل) ناوێك دەکات، کە بەهۆی پیرۆزی نەوەکەیەوە، مرۆڤێکی ڕاست و خواناسی لێدەرچووە، بە هێما و ئیشارەت ناوەکەی دەبێت بە ئاماژەیەکی موسوڵمانێتی، هەروەك دەڵێت: ((ئیسماعیل پیاوێکی خوش مەزهەبوو خزمەت گوزار بوو، ئە وەك مەلا و زانا و ڕیش سپی گوند، بەجووتە لەگەڵ باوکت خەڵکیان فێری خوێندەواری دەکردوو بەرەو چاکە خوازی و دوورکەوتنەوە لە خراپە دەیان بردن)). (جەنگ، ل99)

(حسێن عارف) لە ڕۆمانی (هێلانە)دا (ئاماژە بە کارەکتەری (سوبحان) دەکات کە ناوەکەی ڕەنگدانەوەی جەستە و دەروونێکی پاك و بێگەردە، کە دوورە لەهەموو ناتەواوییەکی جەستە و دەروونەوە).

هەروەها هەردوو کەسایەتی (حەمۆلە و جافر) کە هاوڕێی سوبحانن، ئامادەبوونیان هەیە بە بەردەوامی تا کۆتایی ڕۆمانەکە، کەسایەتی (حەمۆلە): مرۆڤێکی لاوازە لەڕووی جەستە و دەروونەوە و پیشەی جاشایەتی دەکات، لەسەرەتاشەوە مرۆڤێکی نازدار و خۆشەویستی خێزانەکەشی بووە، بەڵام (جافر) کەسێکی نەتەوەییە، لە هەردوو کارەکتەرەکەدا ناو و ناولێنراو گونجاندن و تەباییان تێدایە. (هێلانە، ل14)

هەر بەو جۆرە کارەکتەری (ئاسۆ)، کە کەنجێکە لەسەرەتای لاوێتیدا، وەك چۆن لە ئاسۆوە خۆر هەڵدێت و سەرەتای ڕۆژێکی نوێیە، بەڵام دوای تەواوبوونی ڕۆژێکی تەواو دووبارە لە ئاسۆوە لەچاو وندەبێت، بەڵام تەمەنی (ئاسۆ) زوو کۆتایی پێدێت و شەهید دەبێت، سەرەڕای ئەوەش جەستەشی بەتەواوی کامڵ نەبووە، هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە: ((ئاسۆ کوڕێکی جوانکیلەی منداڵکار بووە، تازە سمێڵی بۆر کردبوو، هەرچەندە ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام وەك هەست بەهیچ ئازارێك ناکات، چاوە ڕەشەکانی دەبریسکانەوە و دژە بزەیەکی بەسەرلێوەوە بوو)). (هێلانە، ل75)

هەروەها ناوی (حاجی ئەحەڕەش) لەگەڵ ڕەفتارو جەستەیدا ناگونجێت، هەروەك دەڵێت: ((پیاوێکی ئاودامان بە بەرگ و سەر و ڕێش و سمێڵەوە وەك و چۆڕی شیری سپی، بە ڕوخسارێکی نورانییەوە قنج و قیت و وت و وریا و بەجەستە بەخۆوە و شکۆدار و ڕێزدار....)). (هێلانە، ل206)

لەجیاتی ئەوەی مرۆڤێکی ڕەش و ناشرین بخاتە ڕوو، وێنەی پێچەوانەی لەگەڵ ناوەکەیدا دروست کردووە.

بەپێچەوانەی (حاجی ئەحەڕەش)ەوە، وێنەی کەسایەتی (کەریم کەللە) دروست دەکات، کە ناوەکەی دەربڕی جەستەی و گوزارشت لەو شێوەیە دەکات کە نووسەر دەیەوێت بیخاتە ڕوو، هەروەك دەڵێت: ((ئەم کەللە زلە گاییەکەی و دەم و قەپۆزی قەبەی، بەر لە هەرشتێکی تر سەرنجی ڕاکێشابووم.....)).(هێلانە، ل211)

(کەریم کەللە) سەرەڕای لێکچوون و گونجاندنی ناوەکەی لەگەڵ جەستەیدا، بەناوبانگ بووە لە زوڵم و زۆرداریدا، بۆیە بەم جۆرە لەناو خەڵکیدا قێزەون بووە، لەبەر خراپی و بەدی کەسایەتییەکە، هێندەی تر مرۆڤ ڕقی لە ڕوخساری ناشرینی دەبێتەوە.

(حەمە صاڵحی فەرماندە) ئەگەرچی ناوەکەی بەسەر زاردا تا ڕادەیەك ئاڵۆزە، بەڵام خۆی وەك کەسێتی ڕەوشت و ڕەفتاری جوانە. ((ئەوە حەمە صاڵحی فەرماندەیە ئەگەرچی ساڵانێکە نەیدیوە، بەڵام هەر ئەو پیاوە بەشان و شکۆ و بەویقارەی ساڵانی زووە، کە دیوێتی و ناسیوێتی، تاقە گۆڕانکارییەك تێیدا، لاجانگە ماش و برنجییەکەی و تاکە تاکەی مووە سپییەکانی سمێڵێتی، کە دیمەنیان لەبەرچاو شیرینتردەکا)). (هێلانە، ل262)

لەوەسفی (سۆرانە سوور)دا، ئەم دوو ناوەی ڕێکخستووە، لە ڕووی گونجاندنی دەنگی هەردوو وشەکەوە، هەروەها ناوەکەش دەربڕی شێوەی جەستەیەتی کە مرۆڤێکی سوورکارە، هەروەها هەردوو وشەی (سۆران، سوور)ی لەڕووی فۆنەتیکەوە گونجاندووە.

لەگەڵ ئەم ناوەشدا ناوی (کۆچەری کەمدووی کشومات) دەخاتە ڕوو، بەهەمان شێوەی (سۆرانە سوور) لەڕووی دەنگی یەکەمی هەر سێ وشەکەوە گونجاندن هەیە، هەروەها لەڕووی واتاشەوە مرڤێکی هێمن و لەسەرخۆیە: ((ئەوە سۆرانە سووری قسە خۆشی نوکتەبازی بەهات و هاوارە و ئەوەش کۆچەری کەمدووی کشوماتە)). (هێلانە، ل263)

نووسەر وەسفی (ئاوات)یش دەکات، کە چۆن هیوا و ئاواتی کورد بەدی نایەت و مرۆڤی کورد لە چاوەڕێکردندایە، هەر بەو جۆرە (ئاوات) لە ڕۆمانەکەدا کەسێکە نادیارە و بە ئێشکگرتنەوە سەرقاڵە: ((دوایی ئاواتیش داناسیت کە ئێستا لە نۆرەی ئێشکگرتندایە....)). (هێلانە، ل263)

هەروەها (کمال)یش مرۆڤیکە گۆرانی دەڵێت، لەبەر لاوازی جەستەی ناتوانێت دەنگ هەڵبڕێت، واتە بە پێچەوانەی مانای ناوەکەیەوە ((دوا کەس کەمالە، کە مالی دەنگ خۆش، کە خەمی گەورەی ئەوەیە ناتوانێت بچریکێنێ و دەبێ بە دەنگی نزم و لەبەر خۆوە گۆرانی بچڕێ)). (هێلانە، ل263)

## ب.پەیوەندی ناو بە جەستەی سروشتەوە:

هەروەك چۆن لەژیانی ئاسایی مرۆڤدا چەندین شوێن بەناوی کەسایەتیەکەوە ناو دەبرێت یان بەپێچەوانەوە، ناوی شوێن دەبێت بە ناو بۆ چەندین کەس و پێی دەناسرێتیان دەبێت بە نازناو بۆی، لەناو ڕۆمانیش‌دا هەروەك ئاوێنەیەکی ژیانی مرۆڤە، ئەم دیاردەیە ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (جەنگ)دا – سەلاح عمر- ناوی ئەشکەوتێك بە ناوی کەسایەتییەکی کۆنەوە دەنێت، کە خەڵکی ئەو شوێنە بووە و شێوازێکی ئەفسانەیی و زیادەڕۆییپێوە دیارە، لە وەسفی جەستەو کەسێتی‌دا، هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئاژەڵ و بەستنی پەیوەندی لەگەڵیاندا، سەرەڕای باسکردنی وەك کەسایەتیەکی ئازا و قارەمان و خواناس، سوار چاکێکی لێهاتوو بووە و هەمیشە بە شمشێر و خەنجەرەوە وێنەیەکی ئازایەتی و نەبەردی ئەو کەسایەتی‌یە دەخاتە ڕوو، کە (محێدین خەنجەر)ە، زۆربەی کاتەکانی ژیانی لەناو ئەو ئەشکەوتەدا بەسەربردووە، کە وێنەی خواناسێك دەخاتەڕوو.

بەو پێیەی ئەفسانەکان بیروباوەڕی مرۆڤی کۆن و پێشینی خستۆتە ڕوو، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، لە باسی ئەشکەوتی (محێدین خەنجەر)دا دەڵێت: ((ئەشکەوتی محێدین خەنجەر ئەشکەوتێك بوو، دەیان چیرۆك و ئەفسانەیان لەبارەوە دەگێڕایەوە،.....، دەیانگوت محێدین خەنجەر خۆشی بەسەر ئەسپێکەوە لە ناوەندی ئەشکەوتەکە، بە تیر و شمشێر و خەنجەرێکی دەسك درێژەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك ئاسك و کەڵەکێوی شایی دەکەن....)). (جەنگ، ل17)

هەر بەوە جۆرە لە ڕۆمانی (هێلانە)دا (حسێن عارف) ناوی دێی (حاجی سوبحان) دەکات بەو هەوارگە و هێلانەیەی کە بەهۆی شاڵاوی ئەنفالەوەلەناوچووە، ناوی دێکە لەناوی (حاجی سوبحان)ی بەپیرە گەورەی سوبحانەوە وەرگیراوە کە ئەو دێیەی دروست کردووە، هەروەها (سوبحان)ی کارەکتەری سەرەکی ناوەکەی بەناوی باپیرە گەورەیەوە ناونراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەناوی دێی (حاجی سوبحان)ەوە ناونراوە، کە تیایدا لەدایك بووە هەروەها گردی (گۆڕسوبحان)یشگردێکە لە نزیك دێیەکە (گۆڕستانی دێکەیە) و بەهەمان شێوە بەناوی باپیرە گەورەی سوبحانەوە ناونراوە کە یەکەمجار ئەو کەسایەتی‌یە لەو گردە نێژراوە. هەروەها لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ((حاجی سوبحان لەگەڵ مەلا ساڵحی برا بچوکیدا بە ڕەزامەندی باوکیان و براکانی تریان، بە خاو خێزانەوە لە (کانی وەلی)یەوە هاتوون و یەکەمین دوو خانوویان تێدا دروست کردووە)). (هێلانە، ل15)

هەروەها ئەشکەوتی (کونە کەمتیار) بەناوی کەمتیارەوە ناونراوە کە ئاژەڵێکی ناشرینە، یان ئەو مرۆڤانەی لەوێ نیشتەجێبوون کاتی خۆی –وەکو بیروباوەڕێکی ئەفسانەیی- هەموویان ناشرین بوون و لە ئاژەڵ –کەمتیار- چوون، یان بەپێی هەمان بیروباوەڕی کۆن، کاتی خۆی کەمتیاری تێدا ژیاوە، دەبینین ئەم ناوانە (ناوی کەسایەتی یان ناوی ئاژەڵ) بوون بە هۆکارێك بۆ ناونانی شوێن، یان بە پێچەوانەوە شوێن دەبێتە هۆکارێك بۆ ناونانی کەسایەتییەکان –کارەکتەرەکان.-

## ج.پەیوەندی ناو بە جەستەی ئاژەڵەوە

لە ڕۆمانی (هێلانە)دا –حسێن عارف- ، ناوی ئاژەڵێك کە سەگی پاسەوانی ماڵی (سوبحان) بووە لە پێش کارەساتی ئەنفالدا بە –هەتەر- ناودەبات و وەسفی وریایی و زیرەکی ئەو ئاژەڵە دەکات، کە چۆن بەوەفاوە لەبەردەم ماڵی سوبحاندا دێت و دەچێت، کاتێك (سوبحان) ڕێی دەکەوێتەوە دێیەکەی خۆیان دەبینێت (هەتەر) وەك کارەکتەرێکی ژیر –وەکو مرۆڤێك- دەکەوێتە گفتوگۆ و ڕاکێشانی سەرنجی (سوبحان) کە چۆن دێیەکەیان وێران بووە ((بەنەزمێکی تایبەتی بۆ نواندنی ملکەچی خۆی و دڵنیابوون لە هەڵوێستی من، پەیتا پەیتا سەر و قەپۆزی بەوی و بڵند دەکرد، دەست و قاچی دەهێنانە پێش و دەیبردنە دواوە، کلکی وەك پەڕەکی

پانکە دەخولانەوە، ئینجا کاتێ من دانەویمە سەر چیچکان،.....
بەسەری کز و کلکی شۆڕەوە دوو سێ هەنگاو رووە و لای ماڵی خۆمان دوورکەوتەوە، وەك بیەوێ سکاڵا بۆلای خوا بەرێ، سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و قروسکەیەکی دەکرد...)). (هێلانە، ل73)

دواتر نووسەر دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە (هەتەر) وەك کارەکتەرێکی ژیر و خاوەن هەڵوێست دوای ئەوەی هەست دەکات لە ئەشکەوتەکەدا خۆی و سوبحان مەترسی لێیان نزیك دەبێتەوە، (سوبحان) بەئاگا دێنێت ((لە ڕاتەکاندنی خێرا خێرای قۆڵم، لەخەو بەئاگا هاتم، هەتەربوو قەپی پێدا کردبوو، بەحیرسەوە ڕایدەوەشاند، لەگەڵ چاو کردنەوەمدا، سووکە حەپە حەپێکی لەسەر نەزمی (هەستە..هەستە) بەڕوودا دام،.....
لەگەڵیدا قرمە و گیزەی فیشەك و گرم و هوڕی تەقینەوەم بەچەشنێك بیست.......)). (هێلانە، ل75)

(هەتەر) وەك ئاماژەیەك بە زیتەڵەیی و وریایی ئەو ئاژەڵە هەڵبژێراوە، لە ڕەفتار و مامەڵەی لەگەڵ سوبحاندا، زۆر بە وشیاری و زیرەکییەوە بەرجەستە دەبێت، هەربەکە لە جووڵە و ئاماژەکانی جەستەی واتایەك بە (سوبحان) دەبەخشن، ئەگەر ئەو ئاژەڵە نەبوایە، بێگومان (سوبحان) بەرئەو شاڵاوە دەکەوت و لە ئاکامیشدا ڕووداوەکان بەجۆرێکی تر وەردەچەرخا.

## ئەنجام:

1. ناوی کارەکتەر گرنگی تەواوی پێدراوە و ڕۆماننووس هەوڵیداوە ناوەکان بگونجێنێت لەگەڵ چۆنیەتی پێکهاتە و سروشتی کارەکتەردا، هەروەها لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوت و تەنانەت بیر و باوەڕیشدا.
2. ڕۆماننووس لەزۆربەی جاردا، وەك یەکی یەك –گونجاندنێك- دروست دەکات لە پەیوەندی نێوان ناوی کارەکتەر و وەسفی جەستەیدا، زۆر جاریش بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەیە لە جەستە، یان خوو ڕەوشت و هەڵوێستی کارەکتەردا، بەتایبەتی لە ڕۆمانی (هێلانە) و (مەرگی تاقانەی دووەم)دا، ڕەنگیان داوەتەوە.
3. (مەرگی تاقانەی دووەم) زیاتر لە ڕۆمانەکانی تر، کارەکتەرەکانی چەندین خەسڵەت و سیفاتی پەنهانیان پێبەخشراوە بەهۆی ناوەکانیانەوە، خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن، ئەوەش مامەڵەی تایبەتی ڕۆامننووسە لەگەڵ ناوی کارەکتەرەکانیدا، خوێنەر پێویستی بە تێڕامان و سەرنجی ورد هەیە، بە تایبەتی لە کارەکتەری (ئەحمەدی ناڵ گەورە و خورشیدی جادووباز)دا، زیاتر بەرجەستە دەبێت.
4. ڕۆماننووس زۆرجار ناوی سروشت دەکات بەناو بۆ کارەکتەرەکانی، یان بە پێچەوانەوەبەهۆی ناوی کەسەکەوە، شوێنێك، هەوارگەیەك، دێیەك، ناودەنێت، ئەم پەیوەندیە زۆر بەکەمی دەبینرێت، کە لە ڕۆمانی (جەنگ) و (هێلانە)دا خراوەتە ڕوو.
5. پەیوەندی ناو بە جەستەی ئاژەڵەوە، زۆر بە کەمی دەبینرێت، تەنها لە ڕۆمانی (هێلانە)دا، بەشێوازێکی زۆر ناوازە خراوەتە ڕوو.

## سەرچاوەکان

- **سەرچاوە کوردییەکان:**


1. حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا (ساڵانی 1955-1988)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل64.
2. ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خواروو (2000 -2010)، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013، ل(66-65).
3. بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (2005-1995)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەریا، 2012، ل123.
4. جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختار عەلیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بغداد، 2006، ل81.
5. د.کمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، (ئیستاتیکا)، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، 2005، ل210.
6. محمد مەنتك، تەکنیکی فرە ڕەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو) ساڵی (2000-2010)، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، 2013، ڵ(163-161)
7. ئەرستۆ، پۆیەتیکا، وەرگێڕانی د.محمد کمال، چاپی یەکەم،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەرەم، 2010، ل16.
8. تانیا ئەسعد محمد صاڵح، بنیادی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ئەژدیها، هێلانە)، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی‌یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2011، ل60.
9. ڕێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، 2005، ل(259-258).
10. بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم (ڕۆمان)، چاپی شەشەم، چاپخانەی تاران، 2015.

11. شێرزاد حەسەن، حەسار و سەگەکانی باوکم (ڕۆمان)، کۆ بەرهەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر، 2005.

12. سەلاح عمر، جەنگ (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگا و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003.

13. حسێن عارف، هێلانە (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، 1999.

- **سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. محمد غرافي، قراءة في سيمولوجيا البصرية، 2017/8/21، www.aljabriabed.net .

2. د.سمير الزغبي، سيمولوجيا الصورة الاشارية، www.m.ahewar.org .

3. هند سعدوني، قراءة في رواية ذاكرة الجسد الاحلام مستغانمي – بين أنا الكاتبة و هو البطل -، 2017/8/22، www.mokarabat.com .

4. د.أسماء ابراهيم حسين شنقار، سيميائية الشخصية في روايات يوسف الباعي الاجتماعية، رسالة دكتوراه جامعة عين الشمس، كلية البنات للاداب و العلوم و التربية، قسم اللغة العربية و ادابها، اشراف: د.حسن احمد البنداري. www.crv4.eulc.edu.eg/eulc-v5 .

5. محمد فخرالدين، قراءة سيميائية في دلالة الاسم المغربي. www.maghress.com/khaba .

- **سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. Michael Headric, How your names shape your identity. http://ar.wikipedia.org

2. http:// ar.m.wikipedia.org

3. www.semiodirection.finalmente.com

**References:**

- **Kurdish References:**

1. Hussein Arif, My writings in the field of criticism and research, 1955-1988, First Edition, Sardam publishing house, Sulaimani, 2002, page 64.

2. Rassul Hamad Rassul, Globalization in Kurdish novel, Kirmanjy Khwarw dialect 2000-2010, Directorate of Sulaimani publishing house, 2013, pages (65-66).

3. Bushra Kasnazany, Plot in Kurdish stories 1995-2005, First Edition, Larya publishing house, 2012, page 123.

4. Jalal Anwar Saeed, Storytelling technique in the novel of Ewaray Parwana of Bakhtiar Ali, Master thesis, Ibn-Rushd education college, Baghdad University, 2006, page 81.

5. Kamal Mirawdaly, Aesthetic philosophy, Second Edition, Qanie publishing house, 2005, page 27.

6. Mohammed Mantic, Multi-speaker technique in Kurdish novels (Kirmanjy Khwarw) 2000-2010, First Edition, Larya publishing house, 2013, pages (161-163).

7. Aristotle, Poetics, translated by: Dr. Mohammed Kamal, First Edition, Sardam publishing house, 2010, page 16.

8. Tanya As'ad Mohammed Salih, Setting in the two example of Kurdish novels (Dragon and Nest), Theoretical, Practical and Critical Research, First Edition, Sardam publishing house, 2011, page 60.

9. Rebwar Siwaily, The world of small things, Second Edition, Ranj publishing house, 2005, pages (258-259).

10. Bakhtiar Ali, The death of the second lonely child, Sixth Edition, Tehran publishing house, 2015.

11. Sherzad Hassan, Hassar and the dogs of my father, all works, Second Edition, Ranj publishing house, Sulaimani, 2012.

12. Salah Omer, War, First Edition, Ministry of education publishing house, Erbil, 2003.

13. Hussain Arif, Nest, First Edition, Sardam publishing house, 1999.

- **Arabic References:**

1. Mohammed Ghrafy, Reading of vision semiology, 21/8/2017. www.aljabriabed.net

2. Samir Al-Zaghbi, Semiology of sign pictures. www.m.ahewar.org.

3. Hind Sa'duny, Reading of novel of embodied memory of Ahlam Mustaghanimy, between (I) the writer and (He) the hero, 22/8/2017. www.mokarabat.com.

4. Asma Ibrahim Hussein Shinqar, Personal identities in Yusuf Al-Saba'ies social novels, PhD thesis, University of Aen Al-Shams, College of girls for literature and education science, department of Arabic language and literature, supervised by: Dr. Hussein Ahmed Al-Bandary. www.crv4.eulc.edu.eg/eulc-v5.

5. Mohammed Fakhraddin, A semiotic reading in the al-maghriby name indications. www.maghress.com/khaba.

- **English References:**

1. Michael Headric, How your names shape your identity. http://ar.wikipedia.org
2. http:// ar.m.wikipedia.org

www.semiodirection.finalmente.com